# بەمەدەنی بوونی گەل ودەسەلاتی هەرێم لەکوردستاندا.. جەمال فەتاح

دیارە بەمەدەنیکردنی كۆمەڵگا یان گەلو دەسلات كۆمەڵێک بنەمای خۆی هەیە کەئەشێ ئەو بنەمانە سەرەتا لەکۆمەڵگادا بوونی هەبێت ئەوكات لەدەسڵاتی كۆمەڵگادا بەرجەستە ئەبێت،ئەوبنەمانەش ئەمانەن:إ-گەشەكردنی كۆمەڵگا لەڕوی ناسینی قۆناخەكانی مێژوی ڕابردوی خۆی وبەرچاو ڕوونی لەقۆناخی ئایندەی ژیانی خۆی بەجۆرێک یان بەهاوشێوەیەكی هەمەگیری تێڕوانین لەگشت ڕووەكانی ژیان بەشێوەیەكی زانستیانە،ب-هەوڵدانی دڵسۆزانەو بەپەرۆشانە بۆجێگیر كەردنی یاساو دامەزراندنی دەوڵەتی مۆسەساتی،وە پایەدار كردن وپاراستنی مافەكانی مرۆڤ بەگشتی وفەراهم كردنی مافە تاكەكەسیەكان بەتایبەتی،ج-چوار توێژی گرنگ لەكۆمەڵگای كوردیدا لەم سەردەمەدا ئەتوانن كۆمەڵگاو دەسەلات بەرەو بەمەدەنی كردن بەرن ئەویش یەكەم توێژی ڕۆشنبیران دووەم توێژی دەسەلات سێیەم توێژی ڕابەران ومامۆستایانی ئاینی چوارەم توێژی كەسایەتی خاوەن ڕێزو خاوەن نفوس.

سەرەڕای ئەو برگانەی سەرەوە بەهێز بوونی باری ئابووری كۆمەڵگا وهەبوونی ئاسایشی نەتەوەیی بەهێزی كۆمەڵگا مەرجێكی بنەڕەتی بەرەو بەمەدەنی چونی كۆمەڵگایە.

بۆزیاتر گەشانەوەی ئەم باسە پێویستە بەدرێژی باس لەهەریەكێک لەم خاڵ وبرگانەی سەرەوە بكەین بۆهەرچی زیاتر تێگەیشتنمان لە چمكی كۆمەڵگای مەدەنی.

پێشەكی هەڵكەوتەی چیۆپۆلەتیكی گەلی كورد لەناوەڕستی ئاسیادا هەڵكەوتووە ئەوگەلانەی كەدەبنە هاوسێی كورد گەلە كانی عەرەب تورک فارسن،كەئەتوانین بڵێین هەرسێ نەتەوەی ناو براو لەبەردەمی كۆمەڵگای مەدەنیدا هێشتا لەگاگۆڵكێدان،ئەویش لەسایەی ستەمكاری ڕژێمەكانیان بەرانبەر بەگەلەكانیان چونكە وەک ڕوونە لە ٢٢ دەوڵەتی عەرەبیداو لەئێرانی ویلایەتی فەقیەداو لەتوركیای پڕلەتاوانی ڕەگەزپەرستی وسەربازگەری عەتا توركدا هیچ جۆرە دیاردەیەكی كۆمەڵگای مەدەنی بەدی ناكرێت،جگەلەوەی ئەوگەلانە وەكو كۆمەڵگای مەدەنی هیچ گەشەكیان نەكردووە لەهەمانكاتدا لەبەر ئەوەی داگیركەری كوردستانن ڕژێمە ستەمكارو چەوسێنەرەكانیان بەوپەڕی توانایان ئاستەنگ ئەخەنە پێش گەشەكردن وبەرەو بەمەدەنی چونی كۆمەڵگای كوردی،ئەویش لەبەر دوو هۆكاری بنەڕەتی یەكەم ئەگەر كۆمەڵگای كوردی لەباشوری كوردستان پێشبكەوێت وگەشەبكات وبەرەو كۆمەڵگای مەدەنی هەنگاو بنێت وبنەماكانی مافی مرۆڤ پەیرەوی لێبكرێت ئەوا بەشەكانی تری كوردستانیش هەرچی شێلگیرانەتر هەوڵئەدەن بۆرزگاركردنی خۆیان وداماڵێنی كۆتوپێوەندەكانی داگیركەران لەملی خۆیان،دووەم بەمەدەنی بوونی كۆمەڵگای كوردی ئەبێتە هۆی چاوكرانەوەی هەمو گەلانی ستەم لێكراوی ناوچەكە بەگشتی وئەوانیش ئەبنە ئاستەنگ لەپێش دەوڵەتە داگیركەرو ستەمكارە كانی ناوچەكەدا.

گەشەكردنی كۆمەڵگا لەڕووی ناسینی قۆناخەكانی مێژوی ڕابردوی خۆی،دیارە گەلانی زیندو و پێشكەوتو ئەو گەلانەن كە مێژوی ڕابردوی خۆیان وباوباپیرانی خۆیان لەبەرە ولەقۆناخەكانی مێژوی خۆیان شارەزایی تەواویان هەیە لەڕوی گەشەكردنی ژیان بەگشت بەشەكانیەوە،بۆیە شارەزاكردنی كۆمەڵگای كوردستان لەمێژوی ڕابردوی خۆیان ئەركی سەر

شانی دەسگا بەرپرسەکان ودەسگای بالای خوێندن وزانکۆ وپەیمانگاکان وکەسایەتیە ڕوناکبیرو ئەکادیمیستەکانی کوردستانە کە گشت قۆناخەکانی خوێندن ڕزگاربکەن لەو پرۆژە خوێندنە کلاسیکیانە کەدوژمنانی نەتەوەکەمان دایان ڕشتووە لەبەر ڕوناکی بەرژەوەندیە دوژمنکارانەکانی خۆیاندا بۆهەرچی زیاتر دواخستنی کۆمەڵگای گەلانی ئێراق بەگشتی وگەلی کورد بەتایبەتی،وە پێویستە پرۆسەیەکی پێشکەوتوانەی خوێندن بۆگشت قۆناخەکانی خوێندن دابرێژرێت لەگشت ڕووەکانی خوێندن بەتایبەتیش لە ڕوی مێژوی نەتەوایەتی گەلی کوردەوە کەتاکوئێستاش لەکوردستان بوونی نیە.

وەگەر کۆمەڵانی خەڵک بێئاگابن لەقۆناخەکانی مێژوی ڕابردوی خۆیان ئەوا بەدڵنیاییەوە بۆژیانی ئایندەش بەرچاو ڕوون نابن،ئەوکاتەش گەلەکەمان ئەبێتە گەلوکۆمەڵگایەکی سست ومت وکۆمەڵگای سستومتیش کۆمەڵگایەکی دواکەوتووەو هەردەم ئامانجە بۆمەرامی گڵاوی دوژمنان وداگیرکەرانی.

هەوڵدانی بەپەرۆشانەو دڵسۆزانە بۆجێگیر کردنی یاساو دەوڵەتی مۆسساتی،وەپایەدارکردن وپاراستنی مافەکانی مرۆڤ بەگشتی ودەستەبەر کردنی مافە تاکە کەسیەکان بەتایبەتی،لێرەدا ئەبێت ئاماژە بەوە بدەین کەدەسەڵاتی سیاسی کورد تاکوئێستا دەسەڵاتێکی سەقامگیر نەبووە بۆیە پەیوەندی نێوان تاکەکانی کۆمەڵگاو دەسەڵاتیش پێوەندیەکی لاوازبووە واتە نەدەسلات توانیویەتی بەتەواوی ببێتە هۆی پاراستنی مافی مرۆڤ ومسۆگەر کردنی مافی تاکە کەس نەتاکەکانی کۆمەڵگاش بەتەواوی توانیویانە وبەجۆرێکی دڵنیاکەرانە خۆیان بەدەسەڵاتەوە ببەستنەوەو خەونەکانی خۆیان لەناودەسەڵاتدا ببیننەوە،بۆیە پێویستە دەسەڵاتی هەرێم بەتەواوی بچێتەناو چوار چێوەی یاساو پێش هەمو تاکێکی کۆمەڵگا یاسا لەسەر هەرتاکێکی خۆی جێبەجێ بکات لەگەورەترین تاکی دەسەڵات تادێتە خوارەوە بۆوردترین تاکی دەسەڵات،واتە پێویستە تاکی دەسەڵات نمونەی پێشکەوتنی کۆمەڵگا بێت لەڕوی پاراستنی سەرو ماڵی هاوڵاتیان ومولکو ممتەلەکات ودارایی گشتی ولەڕوی دەست پاکی ومافپەروەری ودڵسۆزی وهتد.. لێرەوە لەتاکەکانی دەسەڵاتەوە یاساو یەکسانی کۆمەڵایەتی وداد پەروەری بگوێزرێتەوە بۆناو کۆمەڵگا تادەگاتە هەر تاکێکی کۆمەڵگا،چونکە ئەگەر دەسەڵات دڵسۆزانە مافەکانی هەر تاکێکی کۆمەڵ نەپارێزێت وبۆی دەستەبەر نەکات تاکەکانی کۆمەڵگاش کاتێک ئاواتو خەونەکانی خۆیان ومافەکانی خۆیان لەناو دەسەڵاتدا نەبینیەوەو ڕچاونەکرد،لەلایەک ناتوانن باوەڕی تەواوی خۆیان بەوەها دەسە ڵاتێک ببەخشن لەلایەکیتر وردە وردە جەماوەر لەخانەیەک ودۆڵێک خۆی دەبینێتەوەو دەسەڵاتیش لەخانەو دۆڵێکی تر،لەئەنجامدا ئەبێتە هۆی دابڕانی جەماوەرو دەسەڵات لەیەکتری وئەوساش بەچاکی بۆهەمومان دیارە تای ترازوی ئەو کۆمەڵگاو ئەو دەسەڵاتە بەچی بارێکدا ئەشکێتەوەو سەرنجام بەچی ئەگات.

ئەمە هەرچەند دەسەڵاتی کورد دڵسۆزانی زۆرترە لەگەندەڵ کارانی بەڵام بەئاشکراش لەگەندەڵ کاران نەپێچراوەتەوە وگەندەڵکاری بەئێستاشەوە بەردەوامە،دیارە گەندەڵ کاریش بەمانای تەواوی پێشلکاری یاساو مافی مرۆڤ ومافی تاکەکانی کۆمەڵگا دێت وناپاکیە بەرانبەر بەنیشتمان ونەتەوەوبەرانبەر بەیاساو دادپەروەری،لەئەنجامیشدا گەندەڵی گەندەڵکارانن کەئەبنە هۆی کردنی برینی گەورە لەجەستەی دەسەڵات وکۆمەڵگا پێکەوەو ئەبنە هۆی دابڕانی دەسڵاتوکۆمەڵگا لەیەکتری وسەرەنجام قەیرانی گەورە چی لەسەر دەسەڵات وچی لەسەر کۆمەڵگا دروست ئەکەن،بۆیە نابێت هەرگیز دەسڵات ڕێگا بدات گەندەڵی هەبێت وەگەر هەشبوو پێویستە بەبەر چاوی جەماوەرەوە چارەسەری بکەن

وسزای گەندەڵکاران بدەن بۆئەوەی جەماوەر دڵنیابێت لەپاکی ودڵسۆزی دەسەڵاتەکەیان،هەر تەنها ئەو باوەڕەی جەماوەریش بەدەسەڵات ئەبێتە هۆی دروەست بوونی پردی باوەڕی نێوان جەماوەرو دەسەڵات وڕیگاگرتن لەدروست بوونی قەیران ودابڕانی جەماوەرو دەسەڵات لەیەکتری.

چوار توێژی گرنگ لەکۆمەڵگای کوردیدا لەمسەردەمەدا ئەتوانن کۆمەڵگاو دەسەڵات بەرەو بەمەدەنی کردن بەرن ئەویش یەکەم توێژی ڕۆشنبیران دووەم توێژی دەسەڵات سێیەم توێژی ڕابەران ومامۆستایانی ئاین چوارەم کەسایەتیە ناودارەکان.

لێرەدا باس لەهەندێک ڕوی خەسڵەتی کۆمەڵگا دەکەم کەڕێگرە لەبەردەم بەمەدەنی کردنی کۆمەڵگای کورد دا یەکێک لەو خەسڵەتانە گەشەنەکردنی تاکی کوردە لەچەند ڕوویەکەوە وەک لەڕووەکانی ئابوری ئیداری ڕۆشنبیری جنسی هاوسەریەوەوهتد.. ، واتە لەم ڕوانەوە تاکی کورد سەربەستی بەدەست نەهێناوە بۆیە گەشەی نەکردووە وهەر وای ئەبینێت کە پێویستە لەچوار چێوەی خێزانێک یان خێڵێکدا خۆی ڕێکبخات تاکو بتوانێت مافە سەرەتایەکانی ئەگەر بەنیوەو ناچڵێش بێت بەدەست بێنێت،لەو حاڵەتەشدا تاکیکورد ناچارە ئەوەندە پابەندی یاساکانی خێزانێک یان خێڵێک ئەبێت چواریەکی ئەوەش پابەندی ژیانی گشتی ویاساو دەسەڵات نابێت،چونکە ئەوەندە لەخێزان وبنەماڵەو خێڵدا لایەنە کۆمەڵایەتی وئابوریەکانی ئەوتاکە مسۆگەر ئەبێت لە یاساو دەسەڵات بۆی مسۆگەر نابێت،وەکردەوە جنسی وهاوسەریەکانی ئەوەندە خێزان و بنەماڵەو خێڵ بۆی دابین ومسۆگەر ئەکەن ئەوەندە یاساو دەسەڵات تاکوئێستا بۆیان مسۆگەر نەکردووە،هەرئەمش بووەتەهۆی لاوازی باوەڕی کورد بەیاساودەسەڵات. بۆیە پێویستە یاساو دەسەڵات بەشێوەیەکی مۆدێرنترو سەردەمانەتر جێگای خێزان وبنەماڵەو خێڵ بگرێتەوە بۆتاکی کوردو تاکو لەلایەک باوەڕی تاکی کۆمەڵ بەوبەندو باوە کۆن وکلاسیەکیە خێڵەکیانە لەق بکات،لەلایەکی کەش تاکی کورد بخاتە خانەی گشتی کۆمەڵگاوە ووابکات لەباتی ئەوەی تاکی کورد لەپێناوی ئامانجی تەسکی بنەماڵەیەک یان خێزانێکدا بیر بکاتەوە بالە پێناوی ئامانجی بەرزی کۆمەڵگادا بەگشتی بیربکاتەوە.

لەلایەکیتر تاکوبنیادی کومەلایەتی وڕێساو دابو نەریەتە کۆنەکان گەشاوەو تۆکمەبێت گۆڕانی کۆمەڵگاش بەرەو کۆمەڵگایەکی مەدەنی مۆدێرن سەخت وگرانترە.

هەرچەند هەندێک لایەن لەکۆمەڵگای ئێمەدا هەیە بۆدێرزەمان من گومان ناکەم بتوانین گۆڕانی تێدا بکەین بەتایبەتیش لایەنی ئاینی وخێزانی ئەمانەش لەمپەری بەردەمی گۆڕانکاریەکانن لەکۆمەڵگای ئێمەدا لەکۆمەلاگایەکی متکراوی سڕکراوەوە بۆکۆمەڵگایەکی مەدەنی ومۆدێرن.

بەڵام ئەو چوار گروپەی سەرەوە ئەتوانن گۆرانی بنەڕەتی لەژیانی کۆمەڵگادا بکەن وجوڵەیەکی ئەوتۆ بخەنە ناو ڕیزەکانی کۆمەڵگاوە ئاراستەیان بکەن بەرەو بەمەدەنی کردن وڕزگار کردنیان لەکۆتوو بەندی دواکەوتوانەی کۆمەلایەتی وخێزانی وخێڵەکی وئاینی وهتد..

دەوری ئەو چوار گروپە نابێت لەڕوی بەکار هێنانی زمانی زۆرەوە بێت بۆگۆڕینی کۆمەڵگا بەڵکو لەڕوی زمانی بەئاگا هێنانەوەو دابین کردنی مافەکانیان وبەپەیدا کردنی باوەڕی نێوان دەسەڵات وتاکەکانی کۆمەڵ ئەبێت،چونکە نەتەوەی کورد لەخۆیدا نەتەوەیەکی ئارام ومرۆڤ دۆستەو بەشیوەی خۆڕسک ماکی کۆمەڵگای مەدەنی وبەرەوبەمەدەنی کردنی

تێدایە،بۆیە بەکار هێنانی زمانی زۆر لەگەل کورد دا جگە لەزیان هیچ کەڵکێکی لێنابینرێت.

بەهێز بوونی باری ئابوری کۆمەڵگاو بەهێز بوونی باری ئاسایشی نەتەوەیی کۆمەڵگا ئەبێتە هۆی ئاراستەکردنی کومەڵگا بەرەوبەمەدەنی کردن وبەمۆدێرنکردنی،دیارە ئینکار لەوەناکرێت کە دەسەڵاتی هەرێمی کوردستان دەسەڵاتێکی نوێیەو هێشتا بەتەواوی سەر پێی خۆی نەکەوتووە،بەڵام خاکی کورد بەگشتی وخاکی کوردستانی باشور بەتایبەتی خاوەنی ئاسایشی نەتەوەییەکی بەهێزە لەڕوی سامانی کشتوکاڵی وئاژەڵداهری وسامانی نەوت وئاوی خواردنەوەو گازی سروشتی ویۆرانیۆم وگۆگرد وهتد.. بۆیە ئەتوانێت لەکەمترین ماوەدا ئەگەر سەقامگیری هەبێت وکورد خۆی خاوەنی خۆی بێت ببێتە خاوەنی سامانێکی فراوان وبەو سامانەش وڵاتی کوردستان جگە بەرهەمی سامانە سروشتیەکان وسامانی کشتوکاڵ بکاتە وڵاتێکی خاوەن پیشە سازی قورس وسوک،بەمەش ژیانی ئابوری کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان بەزوترین کات ئەتوانرێت ببوژێنرێتەوە وکۆمەڵگای کوردستان ببێتەکۆمەڵگایەکی مەدەنی وسیکۆلار وخاوەن بەرهەم وبنەبڕکردنی شێوازی هەژاری وبێکاری ودواکەوتوویی و لەئەنجامی ئەمانەشدا ببێتە نمونەی کۆمەڵگایەکی پێشکەوتوو لەناوچەکەدا..

جمال فتاح
٢٠٠٦/١/١٥
لەندەن